# ئایا ئەو تووک مووەی کە لە لاشەی مرۆڤ هەڵدەکەنرێت خاوێنە یان پیسە ؟

# هل الشعر المنتوف من بدن الإنسان طاهر أم نجس ؟

< كوردي >


شێخ محمد صالح المنجد

فضيلة الشيخ محمد صالح المنجد



وەرگێرانی : دەستەی بەشی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# ئایا ئەو تووک مووەی کە لە لاشەی مرۆڤ هەڵدەکەنرێت خاوێنە یان پیسە ؟

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی شێخ محمد صالح المنجد کراوە:

**پرسیار** : ئایا حوکمی ئەو مووەی کە مرۆڤ لە لاشەی دەکاتەوە، یان هەڵیدەکەنێت چیە ؟ پیسە یان خاوێنە ؟

**وەڵام** : سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

مووی مرۆڤ چی بە لاشەیەوە بێت یان هەڵکەنراو بێت، بە مەقەست قرتا بێت یان بەموو کێش هەڵکەنرا بێت، لە حاڵی ژیاندا بێت ئەو کەسە یان مردوویش بێت، مووەکەی هەر خاوێنە و پیس نییە، ئەمەش ڕای جمهوری زانایانە، و مەزهەبی هەریەك لە ئیمامی مالیك و شافعی و ئەحمەدە، (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ).

ابن قدامة (ڕەحمەتی خوای لێ بێت )لە کتێبی (المغني )دا ووتویەتی : " **وشعر الآدمي طاهر، متصله ومنفصله، في حياة الآدمي وبعد موته**" { المغني 107/1 } .

واتا : مووی مرۆڤ خاوێنە، پێیوە بێت یان لێی کراو بێتەوە، لە ژیاندا بێت یان پاش مردنیشی بێت .

ابن المفلح یش دەڵێت : " **حكم أجزاء الآدمي وأبعاضه حكم جملته، سواء انفصلت في حياته أو بعد موته ... وكذا شعره مطلقا** " { المبدع 1/ لاپەڕە 214 } .

واتا : حوکمی بەشەکانی مرۆڤ و هەندێك لە بەشەکانی حوکمی تەواوی لاشەی مرۆڤی هەیە، جا ئەو بەشە لە ژیانیدا لێی جودا بوبێتەوە یان پاش مردنی، هەروەها مووەکانیشی حوکمی ئەندامەکانی لاشەی هەیە ..

ئیمامی نەوەوی یش (ڕەحمەتی خوای لێ بێت )لەم بارەیەوە ووتویەتی : " **عن الإمام الشافعي قولين في طهارة شعر الآدمي . ثم قال : "واتفق الأصحاب علي أن المذهب أن شعر غير الآدمي وصوفه ووبره وريشه : ينجس بالموت . .... وأما الآدمي فاختلفوا في الراجح فيه ، فالذي صححه أكثر العراقيين نجاسته ، والذى صححه جميع الخراسانيين ، أو جماهيرهم : طهارته . وهذا هو الصحيح ، فقد صح عن الشافعي رجوعه عن تنجيس شعر الآدمي ، فهو مذهبه ، وما سواه**

ليس بمذهب له .. ثم الدليل يقتضيه ، وهو مذهب جمهور العلماء ..... ثم إن هذا الخلاف في شعر ميتة الآدمي : مفرع على نجاسة ميتة الآدمي ، أما إذا قلنا بطهارة ميتته فشعره طاهر بلا خلاف " { المجموع 1 / 285 -286 } .

واتا : ئیمامی شافعی لەبارەی مووی مرۆڤەوە دوو ڕای هەیە، بەڵام زانایانی مەزهەب کۆدەنگن لەسەر ئەوەی موو و کوڵك وتووك وپەڕی گیاندارانی غەیری مرۆڤ بە مردنیان پیس دەبن ..

بەڵام موو و تووکی مرۆڤ زانایان ڕاجیاییان هەیە لەسەر ڕای پەسەندتر لەو بارەیەوە، ئەوەی زانایانی عێراق بەلایانەوە دروستە ئەوەیە پیسە، بەڵام بەلای سەرجەم زانایانی خوراسانەوە یان جمهوریانەوە پاك وخاوێنە، ئیمامی نەوەوی دەڵێت : هەر ئەم ڕایەش دروستە، چونکە لە ئیمامی شافعیشەوە ئەوە پشت ڕاستکراوەتەوە و بەصحیح داناراوە کە ئەو لەو ڕایەی پاشگەز بووتەوە کە ووتویەتی موو وتوکی مرۆڤ پیسە، هەر ئەمەش ڕایی مەزهەبەکەیەتی، وە غەیری ئەم ڕایە ڕای مەزهەب نیە، پاشان بەڵگەکانیش هەمووی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە موو و توکی مرۆڤ پاك وخاوێنە، هەر بۆیە ئەمەش ڕای جمهوری زانایانە ..

ئەمجا ئەو ڕاجیاوازیەی کە هەیە لەسەر پیسی مووی مرۆڤی مردوو لە پیسی لاشەی مردووی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام کاتێك ووتمان کە لاشەی مرۆڤ بە مردوویش پاك وخاوێنە، ئەو کاتەیش بێگومان توك مووەکەیشی هەر خاوێنە ،،،

لە جێگایەکی تردا ئیمامی نەوەوی دیسان دەڵێت : " الْأَصْلُ أَنَّ مَا انْفَصَلَ مِنْ حَيٍّ فَهُوَ نَجِسٌ ، وَيُسْتَثْنَى الشَّعْرُ الْمَجْزُوزُ مِنْ مَأْكُولِ اللَّحْمِ فِي الْحَيَاةِ، وَالصُّوفُ، وَالْوَبَرُ، وَالرِّيشُ، فَكُلُّهَا طَاهِرَةٌ بِالْإِجْمَاعِ ، وَالْمُتَنَاثِرُ وَالْمَنْتُوفُ : طَاهِرٌ عَلَى الصَّحِيحِ , وَيُسْتَثْنَى أَيْضًا شَعْرُ الْآدَمِيِّ ، وَالْعُضْوُ الْمُبَانُ مِنْهُ ، وَمِنَ السَّمَكِ ، وَالْجَرَادِ، وَمَشِيمَةُ الْآدَمِيِّ : فَهَذِهِ كُلُّهَا طَاهِرَةٌ عَلَى الْمَذْهَبِ " { روضة الطالبين 1 / 15 } .

واتا : ئەصڵ وایە ئەوەی لە هەر زیندوویەك جیا دەکرێتەوە پیس بێت، بەڵام ئەو مووەی کە بە زیندووی لە گیاندارێك جوودا دەکرێتەوە کە گۆشتەکەی دەخورێت، لەگەڵ خوری و کوڵك و پەڕ وتووکیشیان بە کۆدەنگی زانایان پاك و خاوێنە .. هەروەها ئەو تووك و کوڵکەیشی کە لێیان دەبێتەوە یان لێیان هەڵدەکیشرێت لەسەر ڕای دروست پاك وخاوێنە ، لەم حوکمە مووی مرۆڤ و ئەو ئەندامەشی کە جیا دەبێتەوە لێی ، هەروەها

ئەوەشی لە ماسی و کولەش دەبێتەوە، لەگەڵ ئەو پارچە گۆشتەش لە کاتی منداڵ بووندا لە منداڵ دەبێتەوە، هەر هەموویان لەسەر ڕای مەزهەب پاك وخاوێنن .

واتا : حەنەفیەکان لەو ڕایەی کە بەلایانەوە صەحیح ودروستە وای بۆ دەچن : مووی هەڵنەکەنراوی مرۆڤ پاك وخاوێنە، بە پێچەوانەی مووی هەڵکەنراوەوە کە پیسە، ئەویش لەبەر ئەوەی کە چەوری وچڵك لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت ..

مالیکیەکانش لەڕای پەسەندکراوی خۆیاندا وایان ووتووە : بەشێوەیەکی ڕەها ئەوەی لە مرۆڤ جیا دەبێتەوە پاك وخاوێنە، جا لەحاڵی ژیانیدا بێت یان پاش مردنیشی بێت، ئەویش لەسەر ئەوە بنیاتنراوە کە مرۆڤ بە مردوویش هەر پاك وخاوێنە، بەلام ڕایەکی تر هەیە لە مەزهەبی مالیکیدا ئەویش ئەوەیە : هەر شتیك لە مرۆڤ جودا بوبێتەوە بە شێوەیەکی ڕەها پیسە ..

لەکۆتاییدا دەڵێین : توك و مووی مرۆڤ پاك و خاوێنە، جا ئەو توك ومووە لە لاشەی جودا بوبێتەوە لە ژیانیدا بیت یان لەپاش مردنیشی بێت، لێی هەلکەنرا بێت یان بە مەقەست لێی قرتێنرا بێت، هەر پاك وخاوێنە، ئەمەش ڕای جمهوری زانایانە ( ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ) ...

خوای گەورەش زاناترە ...

سەرچاوە : ماڵپەری ئیسلام پرسیار و وەلام ..